## جەمال دۆغان بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی تەلەڤزیۆنی بۆ گوڵان:

# باشتروایە لەجیاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا هێرشێکی بازرگانی بکات



ماوەیەکە وەقفی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەڵکان (OBIV) و گرووپی سیاسەتی دەرەوەو پاراستن (DSA) لەئیستانبوڵ ڕاپۆرتێکیان لەژێر ناوی "تورکیا و دوا پێشکەوتنەکانی عێراق" ئامادەکردووە. لەراپۆرتەکەدا بۆچوونێکی وەها خراوەتە ڕوو کە لەجێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دەرەوەی سنوور، باشتروایە تورکیا هێرشێکی بازرگانی بکات. زێتریش پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە تورکیا خاوەنداریی لەکوردان بکات. هەروەک ئەوەش دیاریکراوە کە بەگوێرەی مەرج و پێوانەکانی ئەمڕۆ دەستێوەردانی سەربازی خەسارێکی گەورە دەداتە تورکیا، ئەمەش وایکردووە لەبەر ئەو کائوس و گێژەنە سیاسییەی لەعێراق هەیە ترسێکی زۆریان لێ بنیشێت. پەیوەست بەم مژارە گرنگە بەڕێز جەمال دۆغان بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی تەلەڤزیۆنی (GUNtv) بەمشێوەیە دید و تێڕوانینەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

سەرەتا دەبێت تورکیا ئەوەی لەبەرچاو بێت کە بەگوێرەی واقیعی ئەمڕۆ موداخەلەی عەسکەری زەرەرێکی گەورە بە وڵاتەکە و ناوچەکە دەگەیەنێت و، لەئەنجامی لەشکرکێشیدا جگە لەکوشتن و خەساری گەورەی ئابووریی ئەوا ریاکسۆن و کاردانەوەی نێودەوڵەتیش لەدژی تورکیا دێتەکایەوەو ناهێلێت کە موداخەلە عەسکەرییەکە ئەنجامگیر ببێت و بگاتە ئامانجی خۆی. لەئاکامیشدا زیانێکی گەورە لەپەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق دێتەکایەوەو کۆنسێپتی پێکەوەژیانی هەردوو گەلی تورک و کورد هیچ بەهایەکی نامێنێ. بۆیە پێویستە تورکیا لەبری ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیە دەرگای وتوێژ و دیالۆگ لەڕووی هەرێمی فیدراڵی کوردستان بکاتەوە، بەتایبەتی لەبواری پێشکەوتنی ئابووریی و بازرگانی و تەشویقکردنی کۆمپانیاکانی تورکی. لەبەرئەوە لەجیاتی ئەوەی تورکیا هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لەکوردان بکات چاکتروایە متمانەی زیاتریان پێ ببەخشێت و خاوەنداریی و کۆمەکیان بکات. لەو چوارچێوەیەشدا هەروەک چۆن تورکیا لەگەڵ بەرپرسە عێراقییەکان دیدار و چاوپێکەوتن ئەنجامەدات ئاواش پێویستە سەرکردە کوردەکان داوەتی ئەنقەرا بکات و لەتەماسی بەردەوام دابێت لەگەڵ هەرێمەکە و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ قەوارەی کوردان بەهێزتر بکات و، لەوەش زیاتر وەک دراوسێیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژیک تەماشایان بکات.

دیارە ئێمە هەموومان لەسەر خاڵێک کۆک و هاوڕاین، ئەویش ئەوەیە بەشەڕ و ئۆپەراسیۆن هیچ شتێک قازانج ناکەین جگە لە مەینەتی وماڵوێرانی. پێموایە چارەسەری لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کوردستاندایە، بەلێکتێگەیشتن و دیالۆگ و پێشکەوتنی ئابووریی و بازرگانی و داخوازیی بەیەکەوەژیان و هاوئاهەنگکردنی سیاسەتی تورکیا لەگەڵ داخوازی هەرێمەکە مەرجی سەرکەوتنە، لەبەرئەوە پێویستیمان بەدروستکردنی زمانێکی تازە و نزیکایەتییەکی دیموکراتییانە هەیە. لەمەودوا دەبێت لەبری لۆژیکی شەڕو ماجەراخوازانە، ڕێگا لەبەردەم سیاسەت و ڕێگەچارەی دیپلۆماسیی بکەینەوە. بۆیە ئێمەی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداران بارێکی قورسمان لەسەر شانە بۆ دروستکردنێکی کەشێکی دیالۆگ و برایانە، لەسەرەتادا پێویستە زەمینەسازی بۆ وەستاندنی شەڕی نێو عەسکەر و

گەریلاکان بکرێت و، ڕێگە لەتەقینەوەی هەستی نەژادپەرستی نێوان گەلی تورک و کورد بگرین، چونکوو سەرەنجام ئەمە تۆفان و کارەساتێکی ناوچەیی گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە هەموولایەک تێیدا زەرەرمەند دەبن.

وای دەبینم بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجێکی وەها کە دەوڵەتی تورک سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی دیالۆگ وەک موخاتەبی هەرێمەکە قەبووڵ بکات، دەبێت لەسەرەتادا بارودۆخەکە لەو بارگرژییە رزگار بکرێ و هێورتر بکرێتەوە بەڵکو دەبێت ئەتمۆسفێرێکی تازە ئامادە بکرێت، لەبەرئەوە دەتوانین بەهەوڵ و خەباتی هاوبەش نووسینی مێژوویەکی سڤیل بۆ دیالۆگ و ئاشتی ئەنجامگیر بکەین.

## هەولێر سەنتەرێکی بازرگانی و ئابوورییە بۆ هەموو ناوچەکە

ئەوانەی دەڵێن دەرگای سنوور لەڕووی کوردان دابخەن، هەڕەشەی بازرگانی و کارسازیی لەتورکیا دەکەن. بەڵکو لەمەودوا پێویستە گەشتی وشکانی و فڕۆکەوانی لەنێوان (هەولێر - ئامەد، هەولێر - ئیستانبوڵ و ئەنقەرە) دەستپێبکات و هێڵەکانی شەمەندەفەر لەنێوان هەردوولا بەگەڕ بخرێنەوەو کۆمپانیاکانی تورکیا بەگوڕوتینێکی گەورەتر ڕوو لەهەرێمەکە بکەن و سەرمایەگوزاریی خۆیان بەگەڕ بخەن و هاوکاری بوژانەوەی ناوچەکە بکەن. بۆیە تورکیا دەبێ ئەو هەقیقەتە باش بزانێت کە ئەمڕۆ هەولێر بە فەرمی بۆتە دەروازەیەکی بازرگانی و ستراتیژی گرنگ بۆ هەموو عێراق، لەوەش زیاتر بۆتە ترافیکێکی سەرەکی سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی بۆ هەموو عێراق و ناوچەکە، ڕەنگە لەمەودوا بەهۆی ئەو تەناهی و سەقامگیرییەی لەهەرێمی کوردستان هەیە ژمارەیەکی بەرچاو لەکۆمپانیا بەناوبانگەکانی ئەورووپی و ئەمریکی و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەپێشبڕکێ دابن بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەهەرێمەکە. بۆیە دەبێت لەلامان ئاشکرابێت بەگەشەسەندنی ئابووریی و بازرگانی لەهەرێمی فیدراڵی کوردستان ئەوا ئابووریی تورکیا و ناوچەکەش دەبوژێتەوەو، سەرەنجام هەموولایەک لێی سوودمەند دەبێت، لەبەرئەوەی تورکیا تاکە دەروازەی ستراتیژی پەڕینەوەی باکووری عێراقە بەرەو ئەورووپا و جیهانی ڕۆژئاوا، بۆیە بەپلەی یەکەم تورکیا لەو پەیوەندییانە قازانج دەکات.

## باڵی نەژادپەرستان لەتورکیا زۆر لەلێدانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەترسن

**چاوپێکەوتنە تەلەڤزیۆنییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەناڵی (Ntv)ی تورکی تەواوی ئەنقەرای لەسەر پێیان ڕاگرت و میدیاکانی تورکیا بە بایەخێکی زۆرە شرۆڤەیان بۆ دەکرد. تەنانەت سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان لەبەرامبەر لێدوانەکەی سەرۆکی کوردستان کە باسی لەکوردستانیبوونی کەرکووک کرد هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا دەرنەبڕی. ئەردۆگان پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندەی پارتەکەی خۆی، پرێس کۆنفرانسێکی بۆ رۆژنامەنووسان ئەنجامدا. لەبارەی پرسیاری رۆژنامەوانێک کاتێک گوتی: "مەسعود بارزانی گوتوویەتی کەرکووک شارێکی کوردستانییە" ئایا سەرەک وەزیر ئەردۆگان بۆچوونی لەبارەی ئەو لێدوانە چییە؟ لەمبارەیەوە سەرەک وەزیرانی تورکیا گوتی: "من لەگەڵ لێدوانی لەمجۆرەدا نیم، بۆچوونی لەم چەشنە خزمەت بەپاشەڕۆژی عێراق ناکات. کەرکووک عێراقێکی بچووکە، بۆیە کەرکووک هیچ کاتێک نەبۆتە ماڵێکی تاپۆکراوی گرووپێکی ئەتنیکی. ئەگەر لەڕووی مێژوویشەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ئەوا دیار دەبێت کە ناسنامەی کەرکووک چۆناو چۆن بووە". هەروەها ئەردۆگان لەو کۆنفرانسەدا ئەو دەنگۆیانەشی بە درۆ خستەوە کە گوایە بەنیازە سەردانی بەغدا بکات و گوتی: "هیچ پلانێکی لەمجۆرەم نییە بۆ سەردانی عێراق، بەڵکو لەئاستی چەند هەیئەتێکی تەکنیکی دیدارەکان ئەنجامدەدرێن".**
**لەمبارەیەوە جەمال دۆغان گوتی:**

هێزە نەژادپەرست و کاربەدەستانی دەوڵەتی ستاتۆگەرای تورک و میدیای وڵاتەکە زۆر بەلێدوانەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی قەڵس و نیگەرانن، پێیانوایە بارزانی نابێت وەک سەرۆکی دەوڵەت قسە بکات، لەکاتێکدا بیریان چۆتەوە کە ستاتۆی فیدراڵی کوردستان ئەمڕۆ بۆتە واقیعێک و لەمەودوا پێویستە بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. پێموایە لێدوانی دەسەڵاتدارانی تورکیا سێبەر دەخاتە سەر ئاشتی و برایەتی نێوان گەلانی ناوچەکە بەتایبەتیش هەردوو گەلی کورد و تورک، بۆیە دەبێت لەم ڕووەوە زۆر ورد و ڕیالیستانە بیربکەینەوە.

تاکو ماوەیەکیش پێش ئێستا کاربەدەستانی رەسمی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر رای گشتیدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەرکووک شارێکی رەسەنی تورکانە، بەڵام ماوەیەکە لەنووسین و وتووێژ و لێدوانەکانی کاربەدەستانی سیاسیی و ئیداری ئەنقەرە دەردەکەوێ کە چیدی ناخوازن باسی تورکبوونی شاری کەرکووک بکەن و پتر خۆیان لەگەڵ واقیعەکە بگونجێنن نەک بەپێچەوانەی ڕەوت و تەیار بڕۆن. بۆیە لەسەر ئەو بۆچوونە جۆرە هاوڕاییەک لەنێوان سەرانی ئەنقەرا دروستبووە کە مژاری کەرکووک وەک شارێکی عێراقی بناسێنن و بگوترێت "کەرکووک عێراقێکی بچووکە". ئەمەش نیشانی دەدات کە لەمەودوا ئەوان ناتوانن وەک دۆسیێیەکی ناوخۆیی مامەڵە لەگەڵ پرسی کەرکووک بکەن و لەم ڕووەوە زۆر بێئومێد بوونە، بەتایبەتی کە لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی کۆشکی سپی نەیانتوانی بگەنە هیچ ئاکامێک. بەتایبەت ئێستا کە سەرنج دەدەین کە ئەمریکا گوشار بۆ حکوومەتی ئەنقەرا دێنێت کە لەمەودوا پێویستە ئەو ستاتۆ فیدراڵیەی باکووری عێراق بە فەرمی بناسێت و وتووێژی لەگەڵ بکات و تەنانەت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو قەوارەیە زۆر بە تین بکات بۆ هێنانەدی رۆژهەڵاتێکی ناوینی دیموکرات و سەقامگیر.

دەبینین **کاتێک** وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاتوو **کۆندۆلیزا ڕایس لەئەنجومەنی سیناتۆرەکاندا وەڵامی ئامادەبووانی لەبارەی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان کورد و تورک دایەوە. شتێکی سەرنجڕاکێش بوو** کاتێک ڕایس باسی سنوورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی کرد، **ناوی "کوردستان"ی بەجیا هێنا، نەیگوت سنوورەکانی عێراق. ئەو دەربڕینە سیاسییەی رایس دیسانەوە بەدڵی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک نەبوو.**
دواتریش کە سیناتۆری ویلایەتی کۆلۆرادۆ واین ئاڵا لە رایسی پرسی دەتوانرێت بەڕێگای دەزگا هەواڵگرییەکانی هەردوولا دیدار و وتووێژ لەنێوان تورکیا و کوردستاندا بکرێت؟ لەوەڵامدا رایس کاتێک باسی ئەنجامدانی وتووێژ و دیداری کرد هێمای بۆ ئەوەکرد کە چاوپێکەوتن لەنێوان کورد و تورک و حکوومەتی عێراق پێویستە و گوتی "ئێمە دەمانەوێ لەمەودوا میکانیزمی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە ئاسانتر بێت، تەنانەت ئەرکی ژەنەڕاڵ جۆزیف راڵستۆن-یش هەر ئەوەیە. ڕاڵستۆن هەوڵدەدا مەرج و داخوازییەکان نەرم بکات و ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و پەکەکە کەم بکاتەوە".

